زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# کاریگەری ئابووری کرێخۆرە (رانتی) لەسەر پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵک لە هەرێمی کوردستان

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەشی بەشی سیستەمە سیاسیەکان وسیاسەتی گشتی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی


ئامادەکردنی:

**مصطفى مقصود شیخ محمد**

بەسەرپەرشتی:

**م.هۆگر ئیبراهیم حەکیم**


2022

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

**" ون وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ"**

صَدَقَ اللَّهُ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ

# پێشکەشە بە

- دایک و باوکی ئازیزم کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانم پاڵپشتم بوونە
- پێشکەش بە رۆحی هەردوو باپیری ئازیزم شێخ محمد گەردی،و جمیل اغا کۆری
- هەردوو خوشکە ئازیزەکانم و پوری ئازیزم هێرۆ دزەیی
- پیشکەش بە قوتابیان و مامۆستایانی کۆلێژی زانستەسیاسەکان
- پێشکەش بە هەموو ئەو کەسانی کە هاوکارم بوون لە تەواوکردنی هەموو قۆناغەکانی خوێندن
- پێشکەش بەهەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاری خوازی گەلەکەمان و شەهیدانی شەری تیرۆر و شەهیدانی رێگا قەڵەم
- پێشکەش بەڕێبوارانی ڕێگایی قەڵام و فێرخوازانی ڕێگای زانست و زانیاری

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ یەزدانی مەزن کە تەندرووستیەکی باشی پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوە
- زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە یارمەتیدەرم بوون لە تەواو کردنی ئەم توێژینەوەیە بەتایبەتی
- م،ی مەیسوون حەوێز،مامۆستا لەکۆلێژی زانستەسیاسیەکان-زانکۆی سەلاحەدین
- هاوڕێی ئازیزم دلاوەر مەلازادە
- زۆر سوپاس بۆ مامۆستای ئازیزم (م،ی هۆگر) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەوەی گرتە ئەستۆ.

## لیستی ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| | |
| بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری | |
| ١-١ ئابووری و دەوڵەت | |
| ١-٢-سەرچاوەکانی داهات | |
| ١-٣-جۆرەکانی ئابووری دەوڵەت | |
| ١-٢-١-ئابووری کرێخۆرە زاراوەو چەمک | |
| ١-٢-٢-تایبەتمەندیەکانی ئابووری کرێخۆرە | |
| ١-٢-٣-لایەنە باش و خراپەکانی ئابووری کرێخۆرە | |
| ١-٢-٤-ئابووری کرێخۆرە وەک سیستەمێ | |
| | |
| بەشی دووەم: سیستەمی ئابووری هەرێمی کوردستان | |
| باسی یەکەم: سیستەم و ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان | |
| پایەو بنەماکانی سیستەمی ئابووری هەرێمی کوردستان | |
| رێکخستنی ئابووری | |
| سەرچاوەکانی داهاتی هەرێم | |
| هاوکێشەی داهات و خەرجی لە هەرێمی کوردستان | |
| باسی دووەم: بنەماکانی ئابووری کرێخۆرە لە هەرێمی کوردستان | |
| ئاماژەکانی ئابووری کرێخۆرە لە هەرێمی کوردستان | |
| تایبەتمەندییەکانی ئابووری کرێخۆرەی هەرێمی کوردستان | |
| لایەنە باش و خراپەکانی ئابووری کرێخۆرەی هەرێمی کوردستان | |
| بەشی سێیەم: پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتی لە هەرێمی کوردستان | |
| باسی یەکەم: هاوڵاتی و بەشداری سیاسی | |
| رەهەندەکانی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان | |
| ئەرکەکانی هاوڵاتی بەرامبەر حکومەت و دەسەڵاتە گشتییەکان | |
| باسی دووەم: حکومەت و هاوڵاتی | |

| | |
|---|---|
| ئەرکەکانی حکومەت بەرامبەر هاوڵاتی | |
| خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بۆ هاوڵاتیان | |
| لایەنی سیاسی | |
| لایەنی یاسایی | |
| لایەنی ئابووری | |
| لایەنی کەلتوری و کۆمەڵایەتی | |
| بەشی چوارەم: هاوڵاتی و حکومەت لە هاوکێشەی ئابووری کرێخۆرەدا | |
| پەیوەندی حکومەت و هاوڵاتیان لەرووی یاسایی و ئابوورییەوە | |
| تێگەیشتنی هاوڵاتیان بۆ حکومەت لەچوارچێوەی ئابووری کرێخۆرەدا | |
| کاریگەری فۆرمی ئابووری لە فیدباکی هاوڵاتی بۆ حکومەت | |
| هاوڵاتی لە هاوکێشەی خەرجی و داهاتەکانی حکومەت | |

# پێشەکی:

## پێشەکی

ئابووری کرێخۆرە (مولّکانە)، بەیەکێک لە چەمکە گرنگەکان دادەنرێت لەجیهانی رامیاریدا.ئابووری کرێخۆرە جۆرێکە لە جۆرەکانی ئابووری دادەنرێت، وەئابووری کرێخۆرە کاریگەری لەسەر پەیوەندی نیوان دەسەڵآت و خەڵک لەهەرێمی کوردستان، بە وڵآتانی بەرهەم هێنەریی نەوتی وەک وڵآتانی ئەندام لە ئۆپێک ، دەوترێت دەوڵەتی کرێخۆرە، کەپشت بەیەک سەرچاوەی داهات، دەبەستن بۆ بەڕیوەبردنی ولات کە کۆمپانیا بیانیەکان، سەرچاوە سروشتیەکانی هەناردەی دەروەی دەکەن. سەرهەلدانی ئابووری کرێخۆرە،لەهەرێمی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ دۆزینەوەی یەکەمین بیرە نەوت و سەرچاوە سروشتیەکان کە لەسەرەتای سەدەی ڕابردوو ،لەساڵی ١٩٠٢ یەکەمین بیرە نەوت لە کوردستان دۆزرایەوە لە ناوچەی خانەقین، هەر ئەمەش هۆکار بوو کە کوردستان ببیتە،شوێنی ململانێ لەنێوان زلهێزانی ئەم کاتی جیهان.دوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری سالی ١٩٩١، دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵکەندنی یەکەمین بیرە نەوت بەسەرپەرشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣ بیرە نەوتی شیواشۆک بوو، ئەم پاڵاوگەیە بە شێوەیەکی فەرمی،لەساڵی ١٩٩٥ دەستیکرد بەبەرهەمهێنانی نەوت. لەم ڕێکەوتە بەدواوە، گرنگیەکی ئێجگار زۆر بە کەرتی وزە و نەوت درا. ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هانی کۆمپانیا بیانیەکان بدات، روو لەهەرێمی کوردستان بکەن بۆ دۆزینەوەی نەوت و سەرچاوە سروشتیەکان، هەناردەی دەرەوی بکەن ،لە ڕیگای بەندەری جیهانی تورکیاوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر هەمەچەشنکردنی ئابووری نەکرد، بەپێچەوانەوە تەنها پشتی بەیەک سەرچاوەی ئابووری بەست ئەمەش بووە هۆکارێک،کە ئابووری هەرێمی کوردستان ئابووریەکی لاوازبێت، و ژێرخانێکی بەهێزی نەبێت. هەرئەمش بووە هۆکارێکی کە لەساڵی ٢٠١٤ دابەزینی نرخی نەوت هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوی قەیرانێکی سەختی ئابووری بێتەوە، ببێتە هۆکاریکی سەرەکی کەمتمانە لە نێوان دەسەڵات و خەڵک، لاوازبێت و روو لە کەمبوونەوە بکات، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری هەبوو لە دابەزینی متمانی سیاسی لە نێوان خەڵک و دەسەڵات بۆیە هەر وڵاتێک پشت بە ئابووری یەک چەشن (کرێخۆرە) ببە ستێت ئەوە سەقامگیری سیاسی، و ئابووری، و کۆمەڵایەتی بەرقەرار نابێت.

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیش لە درووستکردنی ئەم بازنەیەدایە کەباس لە کاریگەری ئابووری کرێخۆرە لەسەر پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات لەهەرێمی کوردستان، کە چ کاریگەریەکی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە دیاریکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئابووری کرێخۆرە لەسەر هەرێمی کوردستان، چۆن بتوانین کە لایەنە ئەرێنیەکانی ئابووری کرێخۆرە بەکاربهێنین،

بۆ ئەوەی لایەنە نەرێنیەکان رەنگدانەوە لەسەر کۆمەڵگا کەم بێتەوە بتوانین پشت بەستن بەستن بەیەک سەرچاوەی داهات لەخزمەت گشت سێکتەرەکانی تری کۆمەڵگادابن ببنە هۆکارێک بۆ بونیادنانی ژێرخانێکی بەهێزی ئابووری، وکۆمەلایەتی، وسیاسی.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەمەیە کە سەرنج بخەینە سەر ئابووری کرێخۆرە لە سیستەمی ئابووری ئابووری جیهان، بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، هەروەها سەرنج بخەینە سەر بنەماورەهەندەکانی، ئابووری کرێخۆرە لە جیهان و هەرێمی کوردستان، و کاریگەری ئابووری کرێخۆرە لەسەر گشت سێکتەرەکانی کۆمەڵگاو، هەروەها کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان دەسەلات هاولاتیان لە هەرێمی کوردستان.

**پرسیاری توێژینەوە**

پرسیاری سەرەکی: ئایا ئابووری کرێخۆرە چ کاریگەریەکی هەبووە لەسەر پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەلات لە هەرێمی کوردستان؟

پرسیاری لاوەکی:

بنەماکانی ئابووری کرێخۆرە چین ؟

هەرێمی کوردستان چ جۆرە ئابوورییەکی هەیە؟

ئایا ئابووری کرێخۆرە زەمینەیەکی باشی رەخساندووە لەسەر پەیوەندی نێوان دەسەلات و خەڵک؟

**گریمانەی توێژینەوە**

گریمانی ئەمە دەکەین لەم توێژینەوەدا، کە ئابووری کرێخۆرە کاریگەری نێگەتیڤی هەبوو لەسەر پەیوەندی دەسەلات و خەڵک لە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی پشتبەستنی حکومەت بە یەک سەرچاوەی داهات و دابەزینی نرخی نەوت و قەیرانە یەک لە دوایەکەکانی هەرێمی کورستان راستەوخۆ کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر پەیوەندی نێوان دەسەلات و خەڵک درووستکرد، ئەمەش بووە هۆی کەم بوونەوەی بەشداری سیاسی و نەمانی متمانە لە نێوان دەسەلات و خەڵک،کە لە هەڵبژاردنی رابردوودا. ئەمە بەشێوەیەکی بەرچاو

بەدیارکەوت بەهۆی بینینی قەیرانە دارییەکانی ساڵی ٢٠١٤، دابەزینی نرخی نەوت، و کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن.

**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا میتێۆدی وەسفی و شیکاری پەیڕەودەکرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی زانستی و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە بۆ بابەتەکان دەکرێت لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا. لەسەرەتا میتێۆدی وەسفی باس لە ئابووری کرێخۆرە،ودواتر شیکاری بۆ سیستەمی ئابووری هەرێمی کوردستان و پەیوەندی نێوان دەسەلات و هاوڵاتی لەهەرێمی کوردستان، هاوڵاتی و حکومەت و لە هاوکێشەی ئابووری کرێخۆرەدا.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە چوار بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم سەرنج دەخەینە  سەر ئابووریی دەوڵەت و سیستەمی ئابووری و جۆرەکانی سەرچاوەی داهاتت دەوڵەت و جۆرەکانی ئابووری دەوڵەت و ئابووری کرێخۆرە و زاروە و چەمک و تایبەتمەندییەکانی ئابووری کرێخۆرە و لایەنە باش و خراپەکانی ئابووری کرێخۆرە و ئابووری کرێخۆرە وەک سیستەم. لەبەشی دووەمدا، ئاماژەدەکەین بە سیستەمی ئابووری و ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان و پایەو بنەماکانی سیستەمی ئابووری هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنی ئابووری هەرێمی کوردستان و سەرچاوەکانی داهاتی هەرێم و هاوکێشەی داهات و خەرجی لە هەرێمی کوردستان. لە بەشی سێیەم دا، باس لە پەیوەندی نێوان دەسەلات و هاوڵاتی لە هەرێمی کوردستان و هاوڵاتی و بەشداری سیاسی و رەهەندەکانی بەشداری سیاسی و ئەرکەکانی هاوڵاتی بەرامبەر حکومەت و دەسەڵاتە گشتییەکان و حکومەت و هاوڵاتی  و ئەرکەکانی حکومەت بەرامبەر هاوڵاتی  و خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بۆ هاوڵاتی و لایەنی سیاسی و لایەنی یاسایی و لایەنی ئابووری و لایەنی کەلتوری و کۆمەڵایەتی. لەبەشی چوارەم دا، باسی هاوڵاتی و حکومەت لە هاوکێشەی ئابووری کرێخۆرەدا و پەیوەندی حکومەت و هاوڵاتیان لە ڕووی یاسایی و ئابووریەوە و تێگەیشتنی هاوڵاتیان بۆ حکومەت لە چوارچێوەی ئابووری کرێخۆرەدا و کاریگەری فۆڕمی ئابووری لە فیدباکی هاوڵاتی بۆ حکومەت و هاوڵاتی لە هاوکێشەی خەرجی و داهاتەکانی حکومەت.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری

### ١-١ ئابووری و دەوڵەت

ئابووری لە ڕووی فەرهەنگ و پێکهاتەوە وشەیەکی ساد و ساکارە، بەڵام لە ڕووی واتاوە بەردەوامی ژیان و بەرەوپێشبردنی گوزەرانی تاکەکان دێت.ئابووری هەوڵدانە بۆ درێژەدان بەژیان و هەوڵدان بۆباشتربوونی گوزەرانی تاکەکان و هاوڵاتیان،و دەستگرتنە بەسەر دەرامەتەکان و شێوازەکانی بەکارهێنان و دابەشکردنی،بەسەر پێداویستیە جۆربەجۆرەکان بۆ تێکردنی ویست و ئارەزووەکانی کۆمەڵگا. بۆیە پێی دەوترێت مایەیی ژیان و خۆشگوزەرانی،وە وشەی economics دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن کە ئەم وشەیە پێکدیت لە دووبەش nomos بەمانی ڕێسا و بەڕێوەبردن دیت ،oikosبەمانایی شارەدێت واتا بەڕیوەبردنی شار و ماڵ دێت ئابووری وەک بەشێک لەزانستی کۆمەڵایەتی،پێناسەی جۆربەجۆری بۆکراوە تا ئێستا زانایانی بواری ئابووری پێناسەیەکی گشتگیریان بۆ ئەم زانستە دانەناوە،هەر زانایەک لە ڕونگەو و دیدگای جیاوازەوە، پێناسەی زانستی ئابووری کردوە، بەڵام دەتوانین پشت بە پێناسەی هەردوو زانای بواری ئابووری ببەستین کە بریتین لە (پول ساموێل سون و ویلیام نورد هاوس)کە لە پەرتووکی زانستی ئابووری(ئابووری بریتیە لەوەی کە کۆمەڵگاکان، چۆن بتوانن دەرامەتە دەگمەنەکانیان بەکاربهێنن بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای بەهادار و دابەشکردنی لەنێوان گشت تاکەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی)(سماقەیی. ٢٠١٩ ؛ل٢١-٢٢،). ئابووری بریتیە لەزەمینە سازێکی ئابووری باس و توێژینەوە لە کۆی بەرهەمی کاڵاو و خزمەتگوزاریەکان و دابەشکردنەوەی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا. هەر لە دێر زەمانەوە مرۆڤ لە سەردەمی چاخی بەردینەوە تا ئەمرۆ،چالاکی هەبووە و ،هەمیشە کاری لەسەر تێگەیشتنی دیاردە ئابووریەکان کردووە،بۆیە بە ئابووری دەوترێت بەشێک لەزانستی کۆمەڵایەتییە کە هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە وتوێژینەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی تاک لە نێو کۆمەڵگا دەکات.(علی،٢٠٠٩، ل ٢٢)

هەروەها بەگشتی دەوڵەت،بریتیە لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی ڕێکخراو بەیاسا کە لە سنورێکی دیاریکراو پێکهاتووە، هاوکات لەگەڵ بوونی سیستەمێکی سیاسی دیاریکراو،کەبتوانێت بە هێزێکی ئۆرگانی سەپێنراو،و ڕەوا، و یاسایی،بوونی هەبێت.(قادر، ٢٠١٧، ل ٦٣)

دەوڵەت بریتیە گەشەسەندنی بیری سیاسی تاکەکان،بونیادنانی دەوڵەت پێویستی بنەما هەیە ئەمانیش بریتین لە بوونی خەڵک ،جوگرافیایەکی دیاریکراو،دەسەڵاتی ڕامیاریە.هەروەها دەوڵەت بریتیە لە گەشەسەندنی دەسەڵاتی ڕامیاریە،لەنێو کۆمەڵانی خەڵک لەنێو هۆز و تیرە

سەرەتاییەکانداوە دەوڵەت بەندە بە گەشەسەندنی بیری سیاسی تاکەکاندا. وە دەوڵەت بە یەکێک لە چەمک و بیردۆزە هەر ئاڵۆزەکانی زانستی ڕامیاری دادەنرێت وەکو هەر زانستێکی تر خاوەنی چەندین پێناسە و چەمکی جیاوازە هەر بیرمەند و زانایەکی زانستی ڕامیاری لە ڕوانگە و دیدگای جیاوزاوە پێناسە بۆ دەوڵەت دەکات،بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین بەم شێوازە پێناسەی دوەڵەت بکەین بریتە لەهەبوونی کۆمەڵانی خەڵک و خاکێکی دیاریکراو ئاڵایەکی هاوبەش و سرودێکی دیاریکراو و لە ژێر سێبەری سیستەمێکی سیاسی درێژە بەژیاندەدەن. (گەزنەیی_ئەحمەد، ٢٠١٢ :ل ١٥-١٧). هەروەها دەوڵەت بریتیە لە کیانێک کە لەپانتایەکی دیاریکراوەی زەوی پێکهاتوو تاکەکان، بەسیستەمێکی دیاریکراودا تاکەکان بەیەکەوە گرێدەدات.(هەرکی،٢٠١٨،ل٩)

سیستەمی ئابووری: بریتیە لەکۆمەڵێک یاساو ،بنەماو،نەریت و کەحوکم دەکەن لەسەر بنەماکانی ئابووری نەتەوەی،حوکم دەکەن لەسەر ئابووری نەتەوەیی لە ڕێگای ئەم یاسا و بنەمایانە دەرامەتەکان بەکاردەبرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداوەیستیەکانی کۆمەڵگا هەروەها ئامانجی هەرسیستەمێکی ئابووری دیاریکردنی شێوازی جۆروبڕی ئەم کاڵاو خزمەتگوزاریانەیە کە پێویستە بەرهەمبهێنرێن و هەروەها دیاریکردنی شێوازی بەرهەمهێنان و چۆنیەتی دابەشکردنی ئەم بەرهەمە. ئابووری هەرکۆمەڵگایەک دیاریکراوە بەو دەرامەت و ئەم زانیاریانەی کە لەسەر تەکنەلۆژیا هەیەتی، لەبەر ئەمە لەسەر هەر کۆمەڵگایەک پێویست لە نێوان بونیادنانی ڕێگای و کرینی چەک یەکێک هەڵبژێری هەروەها لە نێوان خوێندن و خۆراک یەکێک هەلبژێری هەروەها لە نێوان تەندرووستی و ئاهانگ گێران یەکێک هەڵبژێری. لێرەدا پرسیارێکی جەوهەریمان بۆ درووست دەبێت بۆچی سیستەمی ئابووری لە ڕۆژگاری ئیمرۆدا گرنگی پێدەدریت دەتوانین لە چەند خاڵێک دا شیان بکەینەوە:-

1. پێویستە چ جۆرە کالایەک بەرهەمبێنین وە پیوەستە چەند بێت کە بەرهەمی دێنین؟ لەسەر کۆمەڵگا پێویستە بڕیاربدات چەند بەرهەمبهێنێت لە هەر جۆرێکی کاڵا و خزمەتگوزاری کەدەتوانرێت بەرهەمبهێنریت.
2. چۆن کاڵا بەرهەمبێنین؟ پێویستە کۆمەڵگا بڕیاربدات کێ هەڵبستیت بە بەرهەمهێنان و بە چ دەرامەتێک چ تەکنەلۆژیایەکی بەرهەمهێنان بەکاربهێنرێت لەبەرهەم هێناندا.
3. بۆکوێ بەرهەم بهێبریت؟ ئەرکی سەرەکی هەرکۆمەڵگایەک، بڕیاردانە لەسەر لەسەر ئەوەی هەر سیستەمێکی ئابووری وەڵامی هەرسێ پرسیارەکە دەداتەوە هەریەک بە ڕێگایەکی تایبەت بەخۆی. (سماقەی، هەمان سەرچاوی پێشوو، ٢٠٠٩ ،ل٩)

**١-٢-سەرچاوەکانی داهات**

داهات: بریتیە لە داهاتی  هەر پرۆژەیەک بە چەماوەی خواستەکەی دیاریدەکرێت کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە چەماوەی خواستیش لە جۆری بازارێک بۆ بازارێکی دیکە جیاوازە، وەک بازاڕی ڕکابەری یان بازاڕی قۆرغکاری لە باسکردنی بازاڕەکان زیاتر ئاشنایی دەبین، .(سماقەی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٠٠٩:ل١٦٣-١٦٥ ) بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەمان پێوەر بۆدیاریکردنی تێچووبگرینە بەر بۆ پێوان و دیاریکردنی داهات کە سێ جۆر داهات هەیە:

یەکەم: **داهاتی گشتی**: بریتیە لەسەرجەمی ئەو گوژمانەی پڕۆژە دەستی دەکەوێت لە فرۆشتنی بەرهەمەکانی لەبازڕدا یاخود لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کەسانی دیکە، یاخود دەتوانین بڵێین بەهای خزمەتگوزاری و بەرهەمە فرۆشراوەکانیەتی، دەتوانین بەم شێوەیە شیبکەینەوە .(سماقەی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٠٠٩:ل١٦٣-١٦٥ )

داهاتی گشتی = هێندەی فرۆشراو= نێوەنجی نرخی فرۆشتنی یەک دانە

دووەم: **نێوەنجی داهات**: بریتیە لەبەشی هەر یەکەیەکی فرۆشراو لە داهاتی گشتی، بریتیە لەئەنجامی دابەشکردنی داهاتی گشتی بەسەر دانەی فرۆشراو، دەتوانێت بەم شێوەیە دەرببڕێت: .(سماقەی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٠٠٩:ل١٦٣-١٦٥ )

نێوەنجی = داهاتی گشتی/ هێندەی فرۆشراو

سێیەم: **داهاتی ڕادەدار**: بریتیە لە بڕی گۆڕان لە داهاتی گشتی لە ئەنجامی گۆڕانی هێندەی فرۆشراو بەیەک دانە، یان داهاتی دەستکەوتووە لە فرۆشتنی یەک دانەی زیاد لە بەرهەم. یاخود داهاتی دواین دانەی فرۆشراوە دەتوانین بەم شێوەیە دەری ببڕین

داهاتی ڕادەدار= گۆڕان لە داهاتی گشتی/گۆڕان لە هێندەی فرۆشرا

لەبەر ئەوەی هەرجۆرێک لە داهاتەکانی سەرەوە دەگۆڕێت بە گۆڕانی سروشت و شێوەو جۆری بازاڕ کە پرۆژە تییدا بەرهەمەکانی دەفرۆشێت،لەبەر ئەوەی زۆر پێویستە ڕەفتارو شێوەی چەماوەی داهات بزانین لەهەر بازاڕێک.(سماقەی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٠٠٩:ل١٦٣-١٦٥ )

### ١-٣-جۆرەکانی ئابووری دەوڵەت

جۆرەکانی ئابووری خۆی دەبینێتەوە لە چوار جۆری سەرکی هەریەکەیان تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە، لێرەدا هەوڵدەدەین جۆرەکانی باسبکەین بەم شێوەیەی خوارەوە: (جبريل ،٢٠٢١)

1. ئابووری نەریتی ئەمە یەکێکە لە کۆنترین جۆرەکانی ئابووری دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتی،کە مامەڵەی پێوە کردبێت ، هەروها ئەم جۆرە سیستەمە، لە وڵاتانی خاوەن ئابووری بەهێز بوونی نەماوە ئەم سیستەمە بەم جۆرە پێناسە دەکرێت کە بریتیە لەم سیستەمەی کە بەتەواوی پشت بە مێژوو و دابوونەریت و بیروباوەڕە دێرینەکان دەبەستێت،وەک چۆن پشت بە کشتوکاڵ و ڕاوکردن و ماسیگرتن ئەم جۆرە بازاڕە لەوڵاتە تازەپێگەیشتوەکانی وەک ئاسیا و ئەمریکای لاتین،و ئەفریقیا بوونیان هەیە وە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەمە ئەوەیە. کە سنووردارە بەهۆزێک یان بنەماڵەیەک کە هەمان دابوونەریتیان بەدەستهێناوە.
2. ئابووری بەڕێوەبردنی فەرماندیی (سۆشیالیستی) سیستەمیکە لەلایەن دەسەڵاتێکی ناوەندی یان فەرمانڕەوا، کە کاروباری دەوڵەت بەڕێوە دەبات . ئەمەش بە ئابووری بەرنامە بۆ داڕێژراو ناسراوە، بەم پێیە فەرمانڕەوە نرخی کاڵای بەرهەمهێنا و نرخی فرۆشتن و دابینکردنی دیاری دەکات،ئەم ئابووریەش پێی دەوترێت کۆمۆنیستی.
3. ئابووری ئازاد (سەرمایەداری)، ئەم ئابووریە،هەندێک کات ناودەنرێت بە ئابووری بازار سەرچاوە و بیرۆکەی ئەم ئەم ئابووریە دەگەڕێتەوە ،بۆ بەرهەمهێنەری ئازاد لە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان جگە لە یاساکانی بازار هیچ جۆرە یاسایەکی تر ،ناتوانێت ئازادی ئەم جۆرە ئابووریە سنورداربکات،کە لەلایەن هێزەکانی بازاراوە کە داواکار و خواستە کۆنترۆڵ دەکرێت حکومەت هیچ دەست تێوەردانێک لەکاروباری بازارەو ناکات.(علی،هەمان سەرچاوی پێشوو،٢٠٠٩،ل٢٨)
4. ئابووری تێکەڵاو مەبەست لە ئابووری تێکەڵاو، ئەمەیە کە سوود لە تایبەتمەندییەکانی هەردوو جۆری ئابووری ئازد و ئاراستەکراوە وەرگیراوە. لەم جۆرە ئابووریە حکەمەت دەست تێوەردان ناکات جگە لەهەندێک لە سێکتەرە گرنگ نەبێت

### ١-٢-١-ئابووری کرێخۆرە زاراوەو چەمک

ئابووری موڵکانە ( کرێخۆرە): ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو کە لەلایەن زانای سیاسی و ئابووری ئێرانی، (حسێن مەهداوی)، موڵکانە (کریخۆرە)

بريتيە لەم داهاتە وەرگيراوە بەبڕی گەورە و بەشێوەی هەمیشە لەدەرەوە، چ وەک داهاتی فرۆشراوە نەوت و گازچ بەخشینی دەرەکی (بیانی) لێرەدا مەبستمان فرۆشتن و هەناردەکردنی سامانی سروشتییە لەلایەن حکومەتەوە کەباوترین دەربڕینە بۆ ئەم چەمکە (احمد، ٢٠٢١،ل ١٠٢)

زۆربەی ولاتانی ئەندامی ئۆپیک ئابوورییەکەیان ئابووری کرێخۆرە(مولکانە)، هەروها دەولەتی. بەگشتی ئەم ئابووریە ئابوریەکی شکست خواردوە، لە قەلەم دەدرێت لەبەر ئەوەی نەوت بە سەچاوەیەکی بنەڕەتی و جەوهەری ئابووری جیهان دادەنرێت، بۆیە هەمیشە ولاتانی زلهێزی جیهان دستیوەردان دەکەن ڕێگری لە بەرزبوونەوەی بەهای نەوت دەکەن، لەبەر ئەوەی کاریگەری تەواو دەبێت لەسەر ،ئابووری ولاتانی هاوردەکەرانی نەوت و دەیانەوێت نرخەکەی سنوردار بێت و لە ئاستێکی دیاریکراودابێت، مەبەستیان لەم دەست تێوەردانە ئەمەیە کە ئابووری خۆیان هەمیشە لە گەشەسەندنی بەردەوام دابێت. بێگومان ئەم جۆرە بارودۆخانە زۆر جار زیانی گەورەی بە دەولەتانی مولکانە،گەیاندوە و نەیانتوانیوە کە کورتهێنانی بودجەی خۆیان بە نەوت پڕبکەنەوە هەموو ئەمانەش وایانکردووە کە ولاتانی مولکانە هەمیشە توشی قەیرانی یەک لە دوای یەک بێتەوە بەهۆی ناسەقامگیربوونی داهاتەکەیانەوە هەمیشە توشی قەیران ببن. هەروەها لەزانستی ڕامیاری، دەولەتی کرێخۆر بەم دەولەتە دەوترێت کە کۆمپانیای بیانی یان ناوەخۆییەکان سەرچاوە و سامنی سروشتی ولاتەکەیان دەردەهێنن هەناردی دەروەی دەکەن بەمەبەستی فرۆشتنی، ئەم دەولەتە تەنها پشت بەیەک سەرچاوەی داهات بەڕێوەدەچن،ئەمیش سەرچاوە سروشتییەکانە هەروەها زۆر جار ئابووری مولکانە لە چوارچێوەی دەولەتانی ناسیۆنالیزمی دێتە ئاراوە،. لەو کاتەی ناسیۆنالیزمی سەردەست، دەست دەگرن بەسەر سەرچاوەی یەکەمی داهاتی ولاتداو بۆ بەرژەوەندی بەرتەسکی خۆیان بەکاری دەهێنن لەبەشێکی زۆری ولاتانی کرێخۆرە دا دەسەلات لە دەستی خێزانێک یان چینیکی دیاریکراودایە، هەرچەندە دەولەتی ناسیۆنالیزمی دەبێت ببێتە چوارچێوەیەک بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و مافی مرۆڤ دیموکراسی، ئەگەرنا خودی دەولەت ناسیۆنالیزمیەکە دەبێتە هۆی ئالێنگاری و سەرچاوەی ستەمکاریی مانەوەی ولاتەکە و بەردەوام بوونی بەندە بە قەبارە و توانا ئابووری و سەرکەوتنەکەی، بەستراوەتەوە بە بەرهەمهێنانی کالاو خزمەتگوزارییە گشتییەکان( کەریم، ٢٠٢١ :ل ٤-٥)

### ١-٢-٢-تایبەتمەندیەکانی ئابووری کرێخۆرە

دەوڵەت پشت بەم قەبار گەورەیەی داهات دەبەستیت، کە لەدەرەوەی وڵات و بۆی دەگەڕێتەوە. لێرەدا ئەم وڵاتە پێوویستی بەوەنیە گەشەی ئابووری لەناوەخۆی وڵاتەکەیداڕووبدات، ئەگەر بتوانێت کۆنتراکتەکان بەباشی بکرێن و شەففبیت. دیارترین تایبەتمەندیەکانی ئابووری مۆدیلی ئابووری کرێخۆرە بریتین:- ( کەریم،هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٠٢١ : ل ٦-٧)

1. بەشێکی زۆرکەمی دانیشتوانی وڵات بەشداری دەکەن لە دەسکەوتنی ئەم داهاتەدا.بەم شێوەیەش هەلی کارکردن نارەخسێت بۆ تەواوی دانیشتوانی ئەم وڵاتە.
2. هەمیشە دەسەلاتدارانی وڵات ئەو کرێیە وەردەگرن کە لەدەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە، هەر ئەمانیش سەرپەرشتی،داهات و دابەشکردنی دەکەن بەسەر هاونیشتیمانیاندا ، ئەمەش بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکی ئابووری لە ناوەوەی وڵاتدا.
3. هەمیشە ئەم کارمەندانەی لە دەزگاکانی حکومەت، دادەمەزرێنرێن پیویست نین و بەرهەمیشیان وەکو پێویست نییە،واتە ڕێژەیەک لە کۆمەڵگا دەبێتە موچەخۆری بێ بەرهەمیدەوڵەت.ئەمەش زیاتر وەک دیاردەی بێکاری شاراوەی کۆمەڵگا دەردەکەوێت.
4. بەشێوەیەکی گشتی ئابووری ولاتانی مولّکانە تەنها پشت بەنەوت و سەرچاوە سروشتییەکان دەبەستن،و ئابووری وڵات هەمەچەشن ناکرێت، بەم شێوەیەش سێکتەرەکانی دیکەی ئابووری و هەمەچەشنەکردنی داهات پشتگوێ دەخرێن.
5. تەنانەت کەمترین ڕێژەی هەلی کار لە سێکتەری نەوت و گازدا،دەرەخسێنریت ،بەمەش ژمارە و ڕێژەی بێکاری لە هەڵکشان دەبێت.

### ١-٢-٣-لایەنە باش و خراپەکانی ئابووری کرێخۆرە

بێگومان ئابووری کرێخۆرە وەکو هەر مۆدیلێکی تری ئابووری چەندین لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە:

یەکەم :لایەنە ئەرێنیەکان ئەمانەن:- .(خدر،٢٠١٥ ، ل ٢٨)

1. بوونی دەستورێک لە لایەن گەلەوە کە هەرسێ دەسەلاتە سەرکیەکان جیابکاتەوە بەمەرجێک کەدەسەلاتەکان نەتوانن لەدەروەی دامەزراوەکە و سنووری دەسەلاتی خۆی بڕیارە لەسەر چارەنووس سازەکان بدات.

2. دوورخستنەوەی دەسەڵات لە دەست بەسەرداگرتنی داهاتی نەوت ئەمیش پشت بەستن به دانانی سندووقی جیگیر بۆ داهاتی نەوت بەگوێرەی یاسا،کە تەواوی لایەنەکان لەسەری کۆکبن

3. پشبەستن بەو داهاتی نەوت بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری وڵات، نەوەک تەنها پشت بەستن بەیەک سەرچاوەی داهاتی سروشتی.

4. هەبوونی شەفافیەت لە بەدەستهێنان،دابەشکرنی داهاتی نەوت و چاودێری کردنی لەلایەن دامودەزگای تایبەتەوە

دووەم: لایەنە نەرێنیەکان ئەمانەن:- (زەلمی،٢٠٢٠:ل ١٣٥-١٣٦)

1. وڵاتێکی دەوڵەمەند و هاوڵاتیەکی کەمدەرامەت

2. هاوردەکردنی کرێکاری بیانی و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و شتومەکی ئامادەکراو و کاڵا بەرهەم هاتوەکان.

3. دەبێتە هۆی لاواز بونی توانای ڕکابەرایەتی لەلای بەرهەم و کاڵا ناوەخۆییەکانە لە بەرامبەر کاڵا هاوردەکراوەکان و لە ناوچوونی بەرهەمی ناوەخۆیی، بۆیە بەرهەمەکان لە دەرەوە هەرزانتر دەبن بە بەراورد لەگەڵ بازاڕە ناوەخۆییەکان..

4. ئەمەش دەبێتە هۆکاری ( بازاڕی ڕەش و دزەکردنی کاڵا و کاری قاچاغ و لاوازی توانای بەرهەمهێنان لە ئەنجامدا هاڵاوسانی ئابووری و زۆر بوونی دراو) لە ئەنجامی فرۆشتنی بەرهەم و سامانە سروشتییەکان لە بازاڕەکانی دەرەوە.

5. هەموو ئەمانەی باسمانکرد وادەکەن کە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە لە هاوڵاتییەکی بەرهەم هێن بگۆڕن بۆ هاوڵاتیەکی بەکاربەر.

### ١-٢-٤-ئابووری کرێخۆرە وەک سیستەم

سیستەمی ئابووری کرێخۆرە پشت بەسەرچاوەی داهات سروشتی دەبەستێت کە لەلایەن کۆمپانیا بیانیەکانەوە هەناردەی دەرەوە دەکرێت بەشێکی کەمی دانیشتوانی وڵاتانی کرێخۆر سوودمەند دەبن لەم سیستەمە سودمەندی یەکەم لە وڵاتانی مولڵکانە (کرێخۆر) تەنها حکومەتە. لە فۆرمێکی زۆر سادەدا، لە سیستەمی ئابووری موڵکانە(کرێخۆر) دەوڵەت بانگەشەی ئەو دەکات کە دەوڵەت پابەند نابێت بە پێدانی هیچ جۆرە سەربەستیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و

سیاسی بە هاونیشتیمانیانی خۆی، چونکە بێ بەرهەمن بە درێژایی ژیانیان پشت بە دەوڵەت دەبەستن (فندی ،٢٠٢٠). هەرچەندە وڵاتانی کرێخۆرە بانگەشەی پیادەکردنی بازاری ئازاد دەکەن و بەڵام لەم جۆرە سیستەمەدا ئەم بازاڕە بوونی نیە فەرمانڕەواکان ئەم جۆرە سیستەمەیان ناوێت، چونکە ئابووری ئازاد بەندە بە بوونی:-

1. جێبەجێکردنی و پراکتیکردنی یاسا.
2. سیستەمێکی بەهێزی دادوەری و سەربەخۆ.
3. بوونی شەفافیەت.

گەر بە شێوەیەکی گشتی سەیری سیستەمی سیاسی و ئابووری و دادوەری وڵاتانی سیستەمی ئابووری کرێخۆر بکەین ئەو خاڵانەی بازاری ئازادی پێوە بەندە بوونیان نیە، کەواتە وڵاتانی سیستەمی موڵکانە (کرێخۆرە) ناتوانن بانگەشەی بوونی بازاری ئازاد بکەن.(کەریم،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٩)

لیستی سەرچاوەکان

**کتێب**


1. رەحیم قادر ،پەروێز،(٢٠١٧)_دەوڵەت و نەتەوە ،دەوڵەتی سەربەخۆ،یان سیستەم و حکومەتی دیموکراتیک (دەوڵەت، حکوومەت و دیموکراسی)،کۆمەڵە نوسەرێک،،خانەی هزریی کوردستان ژمارە (١)،٦٣تا٦٤
2. علی،نەهرۆ،(٢٠٠٩)زانستی ئابووری،هەولێر،ل٢٣تا٢٨
3. مستەفاگەزنەیی ،حەسەنعبداللە،بژار،(٢٠١٢)سیستەمە سیاسیەکان سیستەمی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان وەک نمونە ،،هەولێر ،ل ١٥تا١٧
4. هەرکی خالید،( ٢٠١٨) -دەوڵەتداری دامەزراندن و بەڕێوەبردنی،ل٩
5. ئەبوبەکر زەڵمی ساری _ ،(٢٠٢١)فرەچەشنەکردنی ئابوریی هەرێمی کوردستان ،، سلێمانی ، چاپی یەکەم،١٣٥تا١٣٦
6. ئەنوەر سماقەیی ،ئەیوب،(٢٠١٩)،بنەماکانی زانستی ئابووری، هەولێر چاپخانەی شەهاب ، چاپی دەیەم،ل ٩تا١٦٥


توێژینەوی زانستی


7. خدر زێندین مولود، (تەمووزی ٢٠١٥)، کاریگەری فاکتەری نەوت لەسەرئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق (ماستەرنامە،هەولێر زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی زانستە سیاسیەکان)،ل٢٨
8. صدیق احمد،جیهانگیر، (کانون الأول 2021 )، چاکسازی ئابوری لە هەرێمی کوردستان، پاساوبەربەستەکانی لە (٢٠٠٥-٢٠١٩)،مجلة الداسات السیاسیة الأمنیةو, المجلد الرابع , العدد الثامن،١٠٣
9. ئەنوەر کەریم_مۆدێلی ئابوری هەرێمی کوردستان تێکەڵەیەک لە ئابوری کرێخۆرە و نیولیبرالیزم.ژوری توێژینەوەکان سیاسی،ئابووری و ستراتیژی بزوتنەوەی گۆڕان؟ حوزەیرانی ٢٠٢١،ل ٤ تا ٩


مەڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان


10. جبريل ،ليلى ،(٢٠٢)،مفهوم الاقتصاد و انواعه_ مقال Last visited:2022-10-13،https://mqaall.com/concept-economy-types/،
11. فندي،مأمون،(٢٠٢٠)،هل ماتت نظرية الدولة الريعية؟_ الشرق الأوسط . https://aawsat.com/home/article/2627246/%D9%85%D8%A3%D9%85%D9%88%D9%86-%D9%81%D9%86%D8%AF%D9%8A/%D9%87%D9%84-%D9%85%D8%A7%D8%AA%D8%AA-%D9%86%D8%B8%D8%B1%D9%8A%D8%A9-

%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A9-
%D8%A7%D9%84%D8%B1%D9%8A%D8%B9%D9%8A%D8%A9%D8%9F

Last visited:15-10-2022